# سرووشتی خەیاڵی و ئەزمونی کوێری

**نیهاد جامی**

(1)

بەشداری کردن لە نوسینەوەی سرووشت خوڵقاندنەوەی مانای ئاشکرا نەکراوە، دۆزینەوەی ڕەهەندی دەلالی نێوان خود و سرووشتە، ئەوەش پڕۆسەیەکە بەرەنجامی تێڕامانی قوڵی خودە بۆ سرووشت و بینینەوەیەتی لە پڕۆسەی تەئویلکاریدا، کاتێ ئەرستۆ لە شوێنی سرووشت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە جوانی سرووشت بە ڕادەیەکە مرۆڤەکان ئازادن لەوەی چۆن وێنەی دەکێشنەوە، پڕۆسەی نوسینەوەی سرووشت لەوێدا بەرەنجامی پەیوەندی نێوان شیعر و سرووشتە، بەو مانایەی شیعر سرووشت دێنێتە ناو خەیاڵی زمانەوە، شیعر لەناو بونیادی نەستی زمانەوە سەر لەنوێ جوانی سرووشت و ژیانمان بۆ دەر دەخاتەوە، بەڵام ئەو کاتەی ئەو پەیوەندیە لە شیعرەوە بەرەو سینەما دەگۆڕدرێت، مانای وایە خەیاڵی زمان وێنە لە چەمکێکی یۆتۆپیەوە دەگوازێتەوە بۆ وێنەی بەرجەستە کراو، زمانی شاراوەی شیعر لەو شوێنانە کە ناتوانێ گوزارشت بکات بە نادیاری دەمێنێتەوە، بەڵام زمانی کامێرا توانای گوزارشت کردنی بە ڕادەیەك فراوانە کە دەتوانێ تەواوی سرووشت وێنە بگرێت، بە تایبەت گەر زمان لە ڕوانینی منداڵێکەوە سەیری پەیوەندی سرووشت بکات، وەك لە فیلمەکانی (مەجیدی مەجیدی) دا دەیبینین، بە تایبەت لە فیلمی (ڕەنگی بەهەشت). گەڕان بەدوای خەون سەرەتای پەیوەندی دۆنا دۆنیانەی نێوان منداڵە لەتەك سرووشتدا، چونکە ئەو دوانە لە ڕێگەی ئەو پەیوەندیە هاوبەشە گوزارشت لە یەکتری دەکەن، کە دەلالەتە لە بێگەردیان، منداڵ و سرووشت وەك یەك جوان و بێگوناهن، هەر لەو ڕوانگەیەوە دەبنە بابەتی سەرەکی دروست کردنی فیلم لای مەجیدی، لای ئەو دەرهێنەرە بێگەردی ئەو دوانە مانای بوون بە ژیان دەبەخشن و ڕەهەندێکی ئیستاتیکی پتەون لە چەمکی مرۆییدا.

هەریەك لە فیلمی (ڕەنگی بەهەشت) و (باران) دوو شاکار و بابەتی جیاوازن لە یەکتری، بەڵام دەرهێنەر لە هەر یەك لەو دوو فیلمە هەوڵیداوە شاعیریەتی سرووشت و پەیوەندی بە شوێنەوە لەناو چەمکێك کۆ بکاتەوە، ئەویش پەیوەندی بە ئیستاتیکای وێنەوە هەیە، ئەوەش بەو مەبەستەیە کە مەجیدی دەیەوێت سینەمای ئێرانی وەك هەر سینەمایەکی تر خاوەنی تیۆری ئیستاتیکی تایبەت بەخۆی بێت.

(2)

باران ئەو فیلمەیە هەر لەناو نیشانەوە ڕوو بەرووی ئاماژەیەکی سرووشتیمان دەکاتەوە، بەڵام سرووشت لای مەجیدی بە هۆی توند و تیژی ژیانی شارەوە دەشێوێت، پەیوەندی نێوان سرووشت و شار پەیوەندی نێوان دوو دۆخی جیاوازی کۆمەڵگایە لە نێوان دۆخی سرووشتی و دۆخی تازەگەری. یەکێك لە خەسڵەتەکانی ناو فلمەکانی مەجیدی هەوڵدانە بۆ هاو سۆزی بوونی بینەر لەتەك کارەکتەرە سەرەکیەکان، بە تایبەت کارەکتەری منداڵە کوێرەکەی (ڕەنگی بەهەشت) لە (باران) یشدا هەوڵی داوە سەرباری بێزار بوونی کارەکتەرە سەرەکیە کە، کە گەنجێکە لە توند و تیژی ژیانی شاری، بەڵام وا دەکات هەمیشە هاو سۆز بین لەگەڵیدا، چونکە ئەو بێزار بونەی کارەکتەر پەیوەندی بە دۆخێکی دەروونی کارەکتەرەکەوە نیە، هێندەی پەیوەستە بە سیستمی شار کە ژیان بەندە بە بەخشینی تواناکان، چونکە لەسەر بەخشینی هێز وەستاوە، ئەگەرچی مەجیدی مەبەستیەتی پێمان بڵێت کەوا گرفت لە بوونی سیما هاوبەشەکان نیە، هێندەی ئەوەی وا دەکات کە بەردەوامی بە ژیان بدرێت بەندە بە بەخشینی هێز کە ئەوەش بەندە لەسەر گوتاری نێر سالاریەوە، وەك دەبینین کچە منداڵ کارەکە لە بەرگی پیاودا لەتەك باوکی دەچێتە سەر کار و ناوی خۆی دەگۆڕێت، هەر لەو سەرەتایەوە ئێمە بەرەو ئەو تێگەیشتنە دەچین کە توانای سرووشتی ڕەگەزەکان وەك یەکن، ئەوەتە کچەکە نمونەی تێگەیشتنمانە، بۆیە ئەوە کۆمەڵگایە ئەو کارانە بۆ توانای نێرینە کورت دەکاتەوە، هەرچی جیاوازیەکیش هەبێت ئەوە بایەلۆژیە نەوەك عەقڵی، وەك لە

کەوتنە خوارەوەی گونیەکە لەلایان کچەوە، کە دەبێتە هۆی دەرکردن لە کار و دواتر لە گەڕانەوەی کارەکەی لەگەڵ گەنجەکە کە چایچیە دەگۆڕێت.

گۆڕینی کارەکان بۆ کوڕە دەبێتە هۆی تووڕە بوونێك، هەست دەکات سەرچاوەی ئەو بێزاریەشی پەیوەندی بە کچەکەوە هەیە کە لە بەرگی کوڕدا خۆی شاردۆتەوە بۆ ئەوەی کاری پێ بدرێت، گەنجەکە هەمیشە دەیەوێ تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە، تا ڕۆژێکیان لەو دیو چایخانەکەوە ئەو کاتەی ڕەشەبا پەردەی ژوورەکە لا دەبات، گەنجەکە دەبینێت خانمێك لە بەردەم ئاوێنەدا قژی شانە دەکات، دوایی بۆی دەردەکەوێت ئەوە ئەو کەسەیە کە ئەو وەك ئەوانیتر بە کوڕی دانابوو، هەر لەو نیگاکردنەوە عاشقی دەبێت، چونکە ئەو بینینە ڕقی کوڕە دەگۆڕێت بۆ خۆشەویستی، ئاوێنە دەبێتە بینین و بەریەککەوتنی ڕاستەقینە، وێنەی شاراوەی کچەی بۆ ئاشکرا دەبێت، بۆیە ئەویش دەچێتە بەردەم ئاوێنە و قژی خۆی شانە دەکات. بەگژدا چونەوەی ئەو کەسانەی دەیانەوێ لە ڕێگادا کچە بگرن، سەرەتای قوربانی بەخشینیەتی بە عەشق، کە لێرەدا باران دەبێتەوە بە ڕەمز بۆ عەشق، ڕەمزێك دواتر مانای خۆی تێك دەشکێنێتەوە. گەڕان بە دوای کچەکە چونە شوێنی کاری ژنان، دەبێت بە گرفتی سەرەکی پاڵەوان، تا ئەو کاتەی دەبینێت کچە لەگەڵ ژنان بەرد لەناو ئاو هەڵدەگرێتەوە، لەکاتی کەوتنی دەیەوێت بەرەو پیری بچێت، بەڵام دواتر بیری دەکەوێتەوە، کە ئەوی پیاو بۆی نیە بچێتە لایان.

لای مەجیدی گەڕانی کارەکتەر بە دوای عەشق گەڕانە بە دوای چەمکی مرۆیی، بەو مانایەی عەشق لە کارەکتەرێکی شەڕانگێزەوە دەمان کات بە کارەکتەرێکی مرۆڤدۆست، وەك دەبینین پاڵەوانی فیلمەکە سەرەتا وەك شەڕانگێزێك دەر دەکەوێت، بە دوای عاشقبونی ئەو کاتەی دەبینین باوکی کچە قاچەکانی توانای ڕۆیشتنیان نەماوە دوو دار شەقی بۆ دەکرێت، کڕینی ئەو دار شەقە بەرەنجامی کاری سەختیەتی، بەڵام عەشق وای لێ دەکات بیر لە بەختەوەری ئەوانیتر بکاتەوە، بەڵام بێئەوەی بیکات بەمنەتێك بۆ ئەوەی کچەکەیانی بدەنێ، نەخێر بەڵکو عاشقبوونی وای لێ دەکات لەبەر هەیوانی ماڵەکەیان دایبنێت و بڕوات، ئەوکاتەی کە دارشەقەکە دەبات گوێی لەباوکی کچە دەبێت بەوەی بیر لە ڕەو دەکاتەوە، بۆیە دەچێت پەساپۆرتەکەی خۆی بۆ دەفرۆشێت. سەفەرکردن بەرەو شار، دیدی سینەمای مەجیدی ڕوونتر دەکاتەوە، چونکە ئەو هەردەم شار وەك نەهامەتی سەیر دەکات، کچە کاتێ شت و مەکەکانی لێ دەڕژێت کوڕە لەگەڵی کۆی دەکاتەوە، لە جێهێشتنی تاکێ پێڵاوی لەناو قوڕ جێ دەمێنێت، کوڕە پێڵاوەکەی بۆ هەڵدەگرێتەوە، لەپێشی دایدەنێتەوە، لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەوان باران دەبارێت، بارانێکی بە خوڕ لەشوێنی پێڵاوی کچەکە دەدات، تا دوا یادگاری عەشق بسڕێتەوە، مەجیدی بەم کۆتاییە لەسەر پەیوەندیی نێوان پێڵاو و باران ڕامان دەگرێت، تا دڵنیابین شار هەموو خەسڵەتە سرووشتیەکانمان لێ دەسەنێتەوە، تەنانەت هاوکێشەکانیش سەرەو ژێر دەبن، بەوە چیتر باران ڕەمز نیە بۆ خۆشەویستی، چونکە ژیان دۆخی سرووشتی خۆی دۆڕاندووە.

**(3)**

(ڕەنگی بەهەشت) وەك لەناونیشانەکەیەوە دیارە ، کە هەردوو ووشە کە ئاماژەن بۆ سرووشت، ڕەنگ کە پێودانگێکی جوانکاری سروشتە، بەهەشتیش ئاماژەیەکی ترە بۆ جوانی سرووشت، بەهەشت هەمیشە وێنەیەکی شوبهێنراوە بۆ دوایین خەون و ئومێدی ئینسان، ئەو خەونە بەتەنیا پابەست نیە بە چەمکێکی میتافیزیکی، بەڵکو بەهەشت وێنەیەکی نادیاری سرووشتە، ئومێدی ئینسانە بۆ دیارکەوتنی، بەتایبەت چەمکی نادیار لێرەدا پەیوەستە بە کارەکتەری سەرەکی فیلمەکەوە کە منداڵێکی کوێرە بەناوی موحەممەد، وێنەی بەهەشت لە فیلمەکەدا پەیوەستە بە نابینایی منداڵەکە ، کە دیمەنی سرووشتی گوند بە بەهەشت دەبینێت، بەڵام بەهەشتێك ئەوی کوێر ناتوانێ بیبینێت، بەهەشت لەچەمکی نابیناکاندا وەك لە قوتابخانەکەیان دەیبینین، سەرەتا ڕووبەرووی کۆمەڵە منداڵێکی کوێر دەبینەوە کە خەریکی گەمە کردنن، بەڵام بێئەوەی هیچ ببینن، کاتێ منداڵەکان لەپشووی هاویندا خێزانەکانیان دێنە دوایان، باوکی کارەکتەرە سەرەکیەکە نەهاتووە، شیعریەتێکی سەیر لای پاڵەوانەکە بەدی دەکەین، شیعریەتی تاریکی لەڕێگەی دەست لێدان لەشتەکانەوە، گواستنەوەی ئەو

هەستە لە بینینەوە بۆ دەست لێدان بە ئەزمونی ترۆپك دەست پێدەكات، كاتێ پاڵەوان (موحەممەد) بێچووی چۆلەكەیەك دەدۆزێتەوە و دەچێتە سەر درەختەكە و دەیخاتە ناو هێلانەكەیەوە، ئەو وێنەیە هێزی بینین دەگۆڕێت بۆ هەستی مرۆیی و ئومێدی ژیاندۆستی لەناو تاریكی بینین درووست دەكات، ئەو كاتەی باوكی دێتە دوای و تاران بەجێدێلن ، بەرەو یەكێك لەگوندەكانی باكور ڕێگا دەبڕن.. كە گوندەكەی خۆیانە، گوندێكی بێ كارەبا و تەنانەت ئاویش تیایدا بەزەحمەت دەست دەكەوێت، جیاوازی گوندەكە لەگەڵ ژیانی تاران ئەو جیاوازیە پەیوەندی نێوان دوو دۆخی جیاوازی كۆمەڵگایە، دۆخی تاران دۆخێكی بە دامەزراوی كراوی تازەگەریە لەڕێگەی بەرهەم هێنانی پەیوەندیە نوێیەكان، دۆخی گوندەكە دۆخی سرووشتیە، دۆخێكە هەر لەگەڵ گەیشتنی مناڵەكە و شادبوونی بە هەردوو خوشكەكەی (هەنیە) و (بەهیرە) و داپیرە كەی، ئەوێ بە بەهەشتی ڕاستەقینە دەبینێت، لەڕێگەی هەستەكانیەوە هەست دەكات توانای بینینی ڕەنگە ڕاستەقینەكانی بەهەشتی هەیە.

بەشداریكردن لەتەك ئەو ژیانە نوێیە ڕۆحێكی خۆشنودی پێ دەبەخشێت، بە تایبەت لە گواستنەوەی هێلكەكان، ئەو كاتەی كامێرا تەنیا لەسەر دەستەكانە، پێمان دەڵێت هەستی دەست لێدان وا دەكات جیاوازیەك نەبێت لەنێوان چاوساغ و كوێردا، بەو وێنەیە كامێرا ئەوەمان پێ نیشان دەدات كە ئەوە تازەگەریە جیاوازی لەنێوان مرۆڤەكان درووست دەكات، دەنا سرووشت ئەو جیاوازیانەی تیا نییە، چونكە بەهاو توانای مرۆڤ شوناس وە دەست دێنێت، ئەو شوناسە بەلای تازەگەری پەیوەندی بە عەقڵ و بینینەوە هەیە، ئەو تێگەیشتنەش زۆر بە قوڵی لای مناڵەكە دەر دەكەوێت، كاتێ ڕەفزی چوونەوە شار دەكات و دەیەوێ لە گوندەكە بمێنێتەوە، چونكە لە گوند شعور بە بوونی خۆی دەكات، شار بە پێچەوانەی گوندەوە لەبڕی وەدەست كەوتنی شوناسی ئەوی كوێر، شوناسی وون دەكات، بەڵام ئەو كاتانەی باوك مناڵەكەی دەباتەوە شار، داپیرە بە خەمی مناڵەكەوە دەمرێ، بەڵام مردنێك خاڵی نیە لە ئیستاتیكا، مردنێك سرووشت لە پەیوەندیەكی ئاوێتەیی دایە لەتەك داپیرە، بەهۆی ئەوەی سرووشت لەڕێگەی تەمێكی سپیەوە بەشداری لەو مردنە دەكات، تەمە سپیەكە تەواوی باخچە و سەوزایی سرووشت دەگرێتەوە، ڕوناكی لەپشت چاوی ئەو تاریك دا نایەت، بەڵكو سپی دادێت، لەناو ئەو تەمە سپیە مناڵەكە دەردەكەوێت، ئەو كاتانەی هەموو لەسەر گۆڕستانن بۆناشتنی داپیرە تەمە سپیەكە تێكەڵی مناڵەكە دەبێت.

باوكە كە هەست بە گوناهە دەكات، بۆیە دەچێت مناڵەكەی بێنێتەوە، لەڕێگای گەڕانەوەدا مناڵەكە بەسەر پشتی ئەسپەوەیە ئەو كاتەی بەسەر پردەكە تێدەپەڕن، پردەكە دەڕووخێت و مناڵەكەش دەكەوێتە ناو ڕووبارەكەوە، شەپۆلی ڕووبارەكە زۆر بەتینە، باوكەكە خۆی فڕێ دەداتە ناویەوە، بەڵام ناتوانێ بیگرێتەوە، كاتێ تەوژمی ڕووبارەكە ئەوان لەقەراغ خۆی فڕێ دەدات، باوكە بە ئاگا دێتەوە، لەقەراغ ڕووبارەكە مناڵەكەی كەوتووە، مناڵە مردووەكەی لە ئامێزی دەكات.

باڵندەكان بەسەریانەوە دەقیژێنن، ئەو قیژەیە مردنی داپیرەمان بیر دێنێتەوە، ئەو كاتەی تەمە سپیەكە هات، ئەو دەنگە سەر بە هەمان سیستمی دەلالیە، چونكە ئەو قیژەیە گریانی باڵندەكانە، كۆتایی هاتنە بەخەونی بەهەشت، لەهەمان كاتیشدا ناڕەزایەتیە بەرامبەر باوكەی گوناهبار، كۆتایی هاتن بەوێنەی بەهەشت هەمان ئەفسانەی ئادەم و حەوامان دەخاتەوە بیر، چونكە ئەوساتە بەكەوتنە خوارەوە بۆ سەر زەوی یەكسان دەبێتەوە، ئەو كاتانەی پرسیار لە گوناهباری دەركردن لەبەهەشت دەكرێت، بەوەی ئایا: حەوا تاوانبارە یا سێو وەك ئاماژەیەكی ناو ئەفسانە یاخود ئەهریمەن، لێرەدا هەمان پرسیار بەشێوازیتر خۆی دەردەخات، كە مردنی مندالەكە مرنی خەونی بەهەشتێكە كە مناڵە كوێرە كە و داپیرە و خوشكەكان وێنایان كردبوو، ئەو ساتە وەختە پرسیار لەبارەی چەمكی گوناه دێتە ئاراوە بەوەی : ئایا باوكە گوناهبار بوو لەئاست مناڵە كوێرەكەی؟ ئایا بەڕاست ئەو بێچارە بوو لە ئاستیدا؟

گرنگ بۆ دەرهێنەر لەبەرامبەر ئەو پرسیارانەدا موحەممەدی كوێر پێویستی بە بەهەشتی ڕاستەقینە هەبوو كە تیایدا ئەو كوێر نەبێت، بۆیە ئەو مردنە كۆتایی ئەو نیە هێندەی خولقاندنەوەی پەیوەندیە لەڕێگەی

**خولْقاندنەوەی ناونیشانی فیلمەوە، کە لەدوایین جولەی کامێرا دەستی منالْەکە نیشان دەدرێت، کە چەند جولەیەك دەکات، بەلاّم نەك بۆ ژیان، بەلْکو بۆئەوەی لەڕێگەی هەستی دەست لێدانەوە دەست لە مردن بدات، بۆ ژیانێکیتر لە بەهەشتێکی ڕاستەقینە.**